## ئەوین فەتاح یاریزانی پایسکیل سواری نەورۆز

# دەبێت زیاتر هانی ئافرەت بدرێت بۆ ئەنجامدانی وەرزش

**ئەوین فەتاح یاریزانی پایسکیل سواری یانەی نەورۆز لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانیە و قوتابی قۆناغی شەشەمی ئامادەییە، ئەم کچە یاریزانە لاوە ماوەی ساڵێکە پەیوەندی بە یانەی نەورۆز کردووە و بەشداری لەسێ پاڵەوانیەتی کردووە لەسەر ئاستی کوردستان، بۆیە بە پێویستمانزانی لە نزیکەوە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**




*** چۆن دەڕوانیە ئاستی وەرزشی ئافرەتان لەکوردستان؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان نزمە و هیچ بایەخێکی پێنادرێت ئاستەکە وەکو پێویست نییە.

*** هۆکاری چییە کچ بە کەمی دێتە نێو وەرزش؟**

- ئەمە بۆ دایك و باوك دەگەڕێتەوە و هەروەها دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە ئەنجام نەدانی ئافرەت بۆ وەرزش.

*** لە کاتی ئەنجامدانی وەرزش هیچ کێشەت بۆ دروست بووە؟**

- نەخێر، وەکو کچە یاریزانێك هیچ کێشەم بۆ دروست نەبووە و هیچ کەسێك نەبوویتە ڕێگر لەبەردەمم.

*** چ بکرێت بۆ ئەوەی وەرزشی ئافرەتان پێش بکەوێت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت دەبێت هەموو پێداویستییەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشی ئافرەتان پێش بکەوێت و هانی کچە وەرزشکاران بدرێت بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بکەن، لەلایەنی ماددی پشتگیریان لێبکرێت.

*** هیوا و ئامانجت چییە؟**

- وەکو کچە یاریزانێك هەوڵ دەدەم لە مەشقەکانم بەردەوام بم و خۆم ماندوو بکەم بۆ ئەوەی بتوانم لە دواڕۆژ پلەی یەکەم بە دەستبهێنم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و عەرەب هەرچەندە خوێندن تا رادەیەك دەبێتە ڕێگر لەبەردەم وەرزشەکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم ئاستم زیاتر پێش بکەوێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی یانەکەم دەکەم، کە بایەخ بە تیپی پایسکیل سواری دەدات و هەموو شتێکی بۆ دابین دەکات و هەروەها هیوادارم زیاتر بایەخ بە ئافرەتان بدرێت بۆ ئەوەی ئاستیان پێش بکەوێت.

## ڕێناس محەممەد عەتا یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

# ئاستی کچان لەیارییە سیانیەکان لەکوردستان نزمە

**ڕێناس محەممەد عەتا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری سلێمانیە و ساڵی ٢٠٠٣ پێوەندی بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کردووە و قوتابی قۆناغی سێیەمی پەیمانگای وەرزشی سلێمانیە و یاریزانی یارییە سیانییەکانی پێشمەرگەی سلێمانیە، بە پێویستمانزانی لە نزیکەوە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**



*** چۆن دەڕوانیە ئاستی وەرزشی ئافرەتان؟**

- بە گشتی ئاستی وەرزشی ئافرەتان باشە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی جیهانی، لەچەند ساڵی داهاتوو دەتوانین بگەینە ئاستێکی بەرزتر، بەڵام ئەگەر سەیری یارییەکان بکەین دەبینین لە یاری مەلەوانی ئاستی ئافرەتان زۆر نزمە و لە یارییەکانی تر تا ڕاددەیەك باشە بەتایبەتی یارییە تاکەکان.

*** بۆچی یارییە سیانییەکان ئافرەت بەکەمی ئەنجامی دەدەن؟**

- چونکە یارییەکی قورسە پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە و ٣ یاری جیاواز ئەنجام دەدرێت، ئەمەش پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە، لەهەمان کاتدا دایك و باوکی یاریزانەکان ڕێگە بەکچەکانیان نادەن مەلەوانی بکەن، بۆیە ئافرەت بەکەمی ئەم یارییە ئەنجام دەدەن.

*** چۆن ئاشنای یاری سیانییەکان بوویت؟**

- سەرەتا لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی مەلەوانیم دەکرد و هەروەها یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان بووم، دواتر مەشقم لەسەر یاری پایسکیل سواری کرد توانیم جێگەی خۆم لەم یارییە بکەمەوە، زیاتر لە ٣ ساڵە ئەم یارییە ئەنجام دەدەم.

*** گرنکترین دەستکەوتەکانت چییە؟**

- ماوەی ٣ ساڵە ئەم یارییە ئەنجام دەدەم لە هەرسێ ساڵ پلەی دووەمم لەسەر ئاستی عێراق بە دەست هێناوە و بەشداریم لە پاڵەوانیەتی عەرەبی کرد توانیم پلەی دووەم بە دەست بهێنم.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت بۆ ئەوەی ئافرەت بێتە نێو ئەم یارییە؟**

- سەرەتا دەبێت دایك و باوکەکان ڕێگە بە کچەکانیان بدەن وەرزش بکەن و هەروەها هەموو شتێکیان بۆ دابین بکەن، زۆر سوپاسی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکەم، چونکە هەموو شتێکی بۆ دابین کردووم لە لایەنی ماددی و جل و بەرگ و من تاکە کچم لەم یانەیە ئەم یارییە ئەنجام دەدەم، ڕاهێنەری تایبەتیم نییە و خۆم گرنگی بە مەشقەکانم دەدەم، هەرچەندە پێویستم بە ڕاهێنەرێکی تایبەت هەیە تاکو ئاستم زیاتر پێش بکەوێت.

*** بۆچی ڕاهێنەری تایبەتیت نییە؟**

- هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەکوردستان ڕاهێنەری تایبەت بەم یارییە نییە و هەروەها پاڵپشتی ماددی بۆ ڕاهێنەرەکان نییە.

*** هیواو ئامانجت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- حەز دەکەم بگەمە ئاستێك بتوانم بەشداری لە پاڵەوانیەتی جیهانی و ئەورووپی بکەم، ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتێکی ماددی زۆر هەیە و تا ئێستا هیچ داوتنامەیەك پێشکەش بە ئێمە نەکراوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لە کۆتاییدا هیوادارم زیاتر بایەخ بەم یارییە بدەن و هەروەها کچەکان زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن، چونکە یارییەکی زۆر خۆشە.

بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021
Email: sport@gulan-media.com

### یوسف سرکال جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە دیدارێکی تایبەتی گۆڤاری گۆڵاندا:

# لە داهاتوودا یانەی هەولێر دەبێتە گەورەترین یانە لە عێراق



**دوای ئـەوەی محەمـەد بـن هەمام سـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسـیا گەیشـتە هەولێـری پایتەخـت، بە مەبەسـتی بەسـەرکردنەوەی پرۆژە وەرزشییەکان، لەهەمان کاتدا جێگری سـەرۆکی یەکێتـی تۆپی پێی ئاسـیا و سەرۆکی لیژنـەی ناوبژیوانانی ئاسـیا یوسف سرکال لەگـەڵ شـاندەکە بوو، یوسـف سرکال دووەم گەورەتریـن کەسایەتی وەرزشیە لە ئاسـیا و پێشتر سـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێـی ئیمارات بـووە، دواتر دەسـتی لەکار کێشاوە و خۆی بۆ جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا پاڵیوراو کرد و توانی ئەم پۆستە وەربگرێت، بەپێویستمان زانـی لەنزیکـەوە دیمانەیەکـی تایبەت بـە گۆڤاری گۆڵان لەگەڵیـدا ئەنجـام بدەین.**

*** هۆکاری سـەردانەکت بۆ هەولێر چ بوو؟**

- جێگەی شانازییە بۆ من کە سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەم، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی وەرزشـی بم لە کوردستان و عێراق بەتایبەتی یاری تۆپی پێی.

*** چـۆن دەڕوانیە بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزش؟**

- ئـەوەی راسـتی بێـت دوای ئەم سەردانە لە نزیکەوە ئاگاداری بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووین کە بە وەرزشـی دەدات، بۆ ئەوەی ئاستی وەرزش پێش بکەوێت و بگاتە ئاسـتی جیهان، ئەمەش جێگەی دڵخۆشیە.

*** چۆن دەڕوانیتە یاریگە وەرزشییەکانی کوردستان؟**

- سەردانی گشت یاریگاکانی هەولێری پایتەختمان کرد، بەڕاسـتی یاریگاکان جێگەی دڵخۆشـیە، چونکـە بوونی ئەمجۆرە یاریگایانـە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی یاریزان بۆ دوارۆژ.

*** شاری هەولێرت چۆن بینی؟**

- بەڕاستی شـارێکی خۆشە و جوانە و خەڵکەکـەی وەرزشـوانە و زۆریان حەزیان بە وەرزشە و بایەخی پێ دەدەن، شارێکی پێشکەوتووە و چاوەڕوان دەکەم

لە چەند ساڵی داهاتوو زیاتر پێش بکەوێت لە هەموو روویەکەوە و یانەی هەولێریش ببێتە گەورەترین یانە لەسەر ئاستی عێراق.

*** یانەی هەولێرت چۆن بینی؟**

- یانەی هەولێر یانەیەکی پێشکەوتووە لەسەر ئاستی عێراق، یاریگای گونجاوی هەیە بۆ بەڕێوەچوونی یارییە نێودەوڵەتییەکان و ئێستا چەندین پرۆژەی بازرگانی تایبەت بە یانەکە هەیە بۆ ئەوەی لە داوڕۆژ پشت بەخۆی ببەستێت بۆ دابینکردنی داهات و خاوەن دەستەی کارگێڕی و سەرۆکێکی نموونەییە، پێشبینی دەکەم ئەم یانەیە زیاتر پێش بکەوێت لە هەموو روویەکەوە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی ناوبژیوانانی عێراق؟**

- وەکو سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی ئاسیا، ئاستی ناوبژیوانەکانی عێراق پێشتر باشتر بوو لە ئێستا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی عێراق بە چەندین کێشە تێپەڕ بووە، بۆیە ئاستی ناوبژیوانەکان و وەرزش لە عێراق بە گشتی دابەزیوە، بەڵام پەنا بەخوا دووبارە عێراق دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی و ئێمە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بە هاوکاری یەکێتی تۆپی پێی عێراق گشت هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئاستی تۆپی پێی لە عێراق پێش بکەوێت.

*** بۆچی سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی ئیماراتت جێهێشت؟**

- لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆم و ڕێگەم بۆ کەسانی تر کردەوە بۆ ئەوەی بێنە نێو یەکێتی تۆپی پێی ئیمارات، بەڵام خەلفان رمیسی بووە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیمارات، ئێستا تۆپی پێی ئیمارات پێشکەوتووە و زیاتر بایەخی پێدەدرێت، بەڵگەشم بەدەستهێنانی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی ئیمارات بۆ جامی کەنداو لەسەر ئاستی هەڵبژاردە ئۆڵۆمپی و هەروەها بە سەرکەوتنی هەڵبژاردەی لاوانی ئیمارات بۆ جامی جیهانی لەسەر ئاستی لاوان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و بەڕاستی لەگەڵ گەیشتنم بۆ هەولێر پێشوازییەکی زۆریان لێکردم، ئەمەش زۆر دڵی خۆش کردم و هیوادارام زیاتر وەرزش پێش بکەوێت لە کوردستان و عێراق.







# ئایالا: ئەرژەنتین بە زیرەکی یاری دەک

ئەرژەنتینی رۆبەرتۆ فابیان ئایالا پێویستی بەوە نییە بە خەڵکی بناسێنین وکەسیش ناتوانێ نکۆڵی لە ئاستی یاریزانی هێڵی بەرگری ناوەڕاست بکات و سێجار بەشداری لە مۆندیالی فیفا کردووە و ماوەی پازدە ساڵە لە باوەشی تۆپی پێی ئەوەپایە کاپتینی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی ئەرژەنتین بووە کە نازناوی ئۆڵۆمپیادی ئەسـینـاس ٢٠٠٤ و بردۆتە وئێستاش چیرۆکی ئەم یاریزانە لەیاژژنەی رایسینگ کلۆپ بەردەوامە دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە (٣٧) ساڵ ماڵپەڕی فیفا ئەم هەڵەی قۆزتەوە وئەم دیمانەی لەگەڵدا سازکرد ...

*** دوای ئەوەی ماوەی پازدە ساڵت لە ئەوروپا تەواو کرد و ئێستاش گەڕایتەوە ئەرژەنتین، دوای ئەم دابڕانە چاوەڕوانی چی دەکەی؟**

- گۆڕانکارییەکی تەواو بووە، چ لە وڵات وەیان لە ئاستی تۆپی پێ و کەسیش ناتوانێ باش و خراپەکان جیاواز بکاتەوە و منیش دەبێ هەوڵ بدەم خۆم لە کەشوهەواکە رابهێنم، گرنگ لای من یانەی رایسینگە و لەدابەزین دوورین.

*** سەبارەت بە تۆپی پێ چی بەدی دەکەی؟**

- گۆڕانکاری کراوە وسیمفۆنیای تۆپی پێ گۆڕاوە، سێ یانە نەبێ حەز دەکەن لەدواوە تۆپی پێ بکەن و ئەوانی دیکە حەز لە یاری درێژ دەکەن و دروستکەری یاریان هەیە.

*** یاریزانانی ئەرژەنتینی زۆریان پێدەچێت تا دەگەڕێنەوە نیشتمان بە پێچەوانەی بەرازیلییەکان، تۆش لەگەڵ ئەم رایەی؟**

- ئێمە خۆشەویستیمان بۆ نیشتمان لە بەرازیلییەکان کەمترە و ئەوان تۆزێك لە ئێمە زیاتر نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێ، هیوادارم کەس بە هەڵە لە قسەکانم نەگات و وەکو کەسایەتی خۆم زۆر خۆشحاڵم بە وڵات و نیشتمانم، حەز دەکەم لەنێو ئەو کەسانە بژیم کە منیان خۆش دەوێ.

*** باس لە گۆڕانکاری کراوە دەڵێن نەوەی نوێی ئەرژەنتین هەڵسوکەوتیان جیاوازە؟**

- ئەمە بە بەردەوامی نییە و لاوان دژی ئەو کەسانەن کە لەوان بە ئەزموونترن و من باس لە کاتێکی دوور ناکەم، سەیرکە کە ئێمە بەشداری مەشقەکان دەکەین کەس قسەمان لەگەڵدا ناکات و سەرەڕای ئەوەش رێزلێگرتن هەرماوە و یاریزانی لاو هەیە زیرەك و هۆشمەندە.

*** بەڕای تۆ کارەکانیان چۆن دەبێت؟**

- یاریزانە لاوەکان هەوڵ دەدەن بە پەلە روو لە ئەوروپا بکەن بێئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان رەچاو بکەن و چەندین یاری ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی خۆیان و یانەکانیان سوود وەرگرن، وابزانم ئەوەی ئامادەکاری باشی بۆ نەکرابێ سەفەری ئەوروپا نەکات باشترە.

*** دەبێ جیاوازی لە لاویەتی تۆ لەگەڵ لاوانی ئێستا زۆربێت و تۆ لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا بوویتە باوك، چۆن ئەو بەرپرسیاریەت خستە ئەستۆ کە تەمەنت وا بچووك بوو؟**

- بەڕاستی کارێکی زەحمەت و ناخۆش بوو، دووری خۆم لە ماڵەوە کارەکەی زەحمەتتر کرد، وابزانم ئەرکەکانم بە رێکوپێکی بەڕێوە برد و کچەکەم تەمەنی (٢٠) ساڵە و لە بارنا لەگەڵ دایکی دەژی، ناتوانێ بە بەردەوامی لەگەڵ من بژی.

*** کچەت تەمەنی (٢٠) ساڵە سێ منداڵەکانی دیکە بچووکترن، ئایا تۆ لە خۆبایی نیت؟**

- نەخێر — نەخێر — نەخێر بەهیچ شێوەیەك بڕوا ناکەم، چونکە رێز لە هەموو خەڵك دەگرم و رێزیش لەمن دەگرن.

*** ئێستا تەمەنت گەیشتۆتە (٣٧) ساڵ کامیان زەحمەتترە وەکو یاریزانێکی پیشەگەر بیت و بەردەوام بیت، یانیش باوکی پێنج منداڵ بیت؟**

- ببمە باوك و پێکەنی و وتی: گرنگی بەخۆم بدەم ژیانێکی ئاسوودە ببمە سەر و هەوڵ دەدەم پەروەردەیەکی باشیان بکەم و فێری هەموو شتێکیان بکەم، ئەمە کارێکی زەحمەتە.

*** فرانشیسکۆی کوڕت تەمەنی ١٣ ساڵە، ئایا منداڵەکانت بەردەوام دەبن لە تۆپی پێ؟**

- عەشقی تۆپی پێیە و دەیەوێ بۆ تاقیکردنەوە بیبەمە یانەیەك، ئەوەی لای من گرنگە بەشێوەیەکی باش لە قوتابخانە بەردەوام بێت



# ـات، بەڵام دەبێ ڕێز لە ڕکابەرەکەت بگریت

و تۆپــێ پێش ببێتە خەڵاتێـك بۆ کوڕەکەم، زۆر لەگەڵی ماندوو نەبوویمە، بەڵکو باپیری یارمەتییەکی زۆری داوە.

*** زۆر لە ئیتاڵیا و ئیســپانیا یاریت کردووە، چ جیاوازییــەك لــەم دوو قوتابخانەیە بەدی دەکرێ؟**

- بە بەردەوامی دەڵێم ئیتاڵیا هاوکاری کردووم بۆ ئەوەی وەکو بەرگریکار توانا و جەســتەم لە پێشکەوتن دابێ، ئەمە تاقیکردنەوەی من بوو گــەر هاتوو لە قوتابخانــە بام، ئەوا بۆ ماجستێرم دەخوێند بەشــێوەیەکی گشتی لە ئیتاڵیا هەســتم بە خۆشیەکی زۆر کرد، بەڵام قوتابخانەی ئیســپانیاش هیچــی لە ئیتاڵیا کەمتر نییە، خولێکی خۆشە و لەهەردووکیان زۆر شت فێر بووم و لەبیری ناکەم.

*** هەستت بەچی کرد وەکو هاندەرێك سەیری مۆندیالت دەکرد دوای ئەوەی لە سێ مۆندیال بەشداریت کرد؟**

- هەستێکی زۆر ناخۆش و زۆر زەحمەت بوو، ئەوەی ســەیر دەکات هەست و جۆشی لەلای یاریزانــە کە لە یاریگا چــۆن یاری دەکات لەکاتی یاری و لەدوای یاری.

*** لە باشووری ئەفریقیا ئاستی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین چۆن شیدەکەیتەوە؟**

- هەستی دوایین یاری هێشتا لە گوێچکەمان دەزرنگێتــەوە، ئەویش یــاری ئەڵمانیا بوو، ئەرژەنتیــن بە بەردەوامی بــە زیرەکی یاری دەکات، دژی ئــەو کەســانەم کــە دەڵێــن ئەرژەنتین بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لاواز یاریکردووە، دەبێ ڕێز لە ڕکابەرەکەت بگریت و لێــی ببەیتەوە، ئەرژەنتیــن ئەرکەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا، تەنیا یاری ئەڵمانیا نەبێت.

*** زۆر کەس داوای ڕاهێنەری نوێ دەکەن، ئایا تۆش کەسێکت لە خەیاڵە بۆ ئەم پۆستە؟**

- ئەو ناوانەی کە ڕاگەیاندراوە بۆ ئەم پۆستە شــیاون، ( مێگل ڕوسۆ ) لەگەڵ ڕایسینگ زۆر ســەرکەوتوو بــوو و هەندێکیش باس لە کارلۆس بیانکی دەکەن نازانم چانس یاوەری کێ دەبێــت، گرنگ ئەوەیە ئــەوەی دەبێتە ڕاهێنەر دەبێ لە بەرژەوەندی وڵات بێت.

*** ئایا دەکرێ ئیســپانیا بکەینــە نموونە و لەسەر شێوازی وان یاری بکەین؟**

- ئەوانیش دەڵێن ئیســپانیا نموونەی ئاســت بەرزییە وەکو بەرشــلۆنە یاری دەکات، بوونی ژمارەیەکی زۆری یاریزانی ئەو یانەیە وایکرد هەڵبژاردەی ئیســپانیا ئاستێکی بەرز نیشان بدات.

*** لــە کۆپــا ئەمریــکای ٢٠٠٧ لەگەڵ میسی بوویت ڕات لەسەر میسی چییە وەکو کەسایەتی؟**

- خەڵك لە دەرەوە بەزەردەخەنەییەوە دەیبینێت، ئــەوکات منــداڵ بوو، بــەڵام هەر زوو سەرکەوتوو ئاستی بەرز بوو، بەڕاستی لاوێکە دەبــێ ڕێــزی لێبگیرێت و کەســایەتیەکی بەرزی هەیە و شتی زۆر چاوەڕوانیەتی.

*** ئەی دوارۆژی وەرزشــی خۆت چۆن دەبینی؟**

- دوای کۆتایــی هاتنی بۆندەکەم بە دیار دەکەوێ و سەیری توانای جەســتەم دەکەم، وابزانــم دەتوانم ڕۆڵی خۆم لە یاریگا ببینم، ئێستا زۆر باشــم و مەشــقی ڕۆژانەم ئەنجام دەدەم و چاوەڕوانی ئەوەم هەلی یاریکردنم بۆ بڕەخسێ.

*** پێش ماوەیــەك وتت ڕوو لــە ڕاهێنەرایەتــی دەکەم، ئایا هەر لەسەر ئەو بڕیارە ماویت؟**

- بەڵــی، بەڵام کارێکی زەحمەتــە و ئێســتا بۆ من ئــەو کارە گونجاو نییە، عەشــقی تۆپێ پێیم و حەزیش لە پلانی تەکتیکــی و تەکنیکی دەکــەم، بــەڵام خۆم لە خانەی ڕاهێنەرنادۆزمەوە، بەهەرحاڵ هێشــتا کات زۆر ماوە بڕیاری لەسەر بــدەم، ئەوەی ڕاســتی بێــت هەتا مــاوم دەبێ پێوەندیم لەگەڵ وەرزش بەهێزتربێت..



ئیتاڵیاو ئیسپانیا دوو قوتابخانەی جیاوازن

ئێمە خۆشەویستیمان بۆ نیشتمان لە بەرازیلییەکان کەمترە